

بەخێربێن

بۆ

بڕیستۆڵ

ناوەڕۆك 1
بەخێربێن بۆ بڕیستۆڵ 2
چۆن ئەم ڕابەرە بەکاردەهێنی 3
چۆن ڕێنیشانی دەکەی 6
1. پێش بگەن بۆ بڕیستۆڵ 6
دڵنیای ڤیزای تەواو بکە 6
پشکنینی پاسەپۆرتەکەت بکە..... 6
بەکارهێنانی بڕوانامەکانت لە بەریتانیا 6
فێربوونی زمانی ئنگلیزی 7
میدیای کۆمەڵایەتی و زانیاریەکانی ناوچەکە 8
2. دوای هاتنتان بۆ بڕیستۆڵ..... 9
تۆڕەکانی هاوکاری کۆچبەران 9
نیشتەجێکردن 10
ئۆفیسەکان و خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی شاری بڕیستۆڵ 12
خزمەتگوزاری نیشتیمانی تایبەت بە بۆواری تەندرۆستی 12
چاودێری منداڵ 13
دایەنگاکان و قوتابخانەکان 14
سەندیکا و دەزگای پیشەیەکان 14
خزمەتگوزاریەکانی ئامۆژگاری 15
ئەگەر پێویستیت بە هاوکاری بە پەلە بێت 16

پەك کەوتویی (بێتوانایی) و نەخۆشی 16
3. ئیشکردن لە شاری بڕیستۆڵ 17
هاوکای بۆ دۆزینی ئیش (17.....The Ways2Work Employment Support)
ڕێگا بۆ ئیشکردن (17 ..... Ways2Work)
ئاژانسەکانی ئیش و کار 17
ڕۆژنامەکانی لۆکال (خۆ جێ یی) 18
سەرچاوەکانی دیکەی تایبەت بە بەڵاوکردنی ئیش و کار 18
4. ژیان لە شاری بڕیستۆڵ 19
شوێنەکانی ئایین پەرستن 19
گواستنەوە 19
زمانی گفتوگۆ وقسەکردن لە بڕیستۆڵ و هەروەها گاڵتەخۆشی بەریتانی 20
5. خۆشی و ڕابۆاردن لە بڕیستۆڵ 21
مۆزەخانە و گاڵێریەکانی خۆڕایی 21
وێزگەی ڕادیۆی تایبەت بە کەمە نەتەوەکان 22
ڕۆێشتنی دەرەوە بۆ خێزانەکان 22
شوێنەکانی تایبەت بە هاوکاری 23
گەشت و پیاسە 24
ڕووداوەکان 24
چاڵاکیەکانی کۆمەڵگە 25

!! بەخێربێن بۆ بڕیستۆڵ

شاری بڕیستۆڵ مێژۆی درێژ بۆ پێشوازیکردن لە کۆچبەرەکان کە لە هەموو بەشەکانی جیهان دێن هەیە. ئێمە بایەخ بە بەشداری کۆچبەران لە ئاوەدانکردنی شارەکە دەکەین. وەکوو کەسێکی نیشتەجێی بڕیستۆڵ، وا بڕیارت داوە کە شارەکە وەکوو ماڵەکەت بناسێنی. هەڵبەت ئیش دەکەی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانت و پێویستت بە کاتە بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگایە و شارەکە و هەروەها مێژۆیەکە و خەڵکەکە بناسی. ئێستا مافەکەتە و هەروەها بەرپرسیاریەکەتە بۆ هاوکاری شێوازکردنی داهاتوی ئەم شارە بکەی و هەروەها دڵنیابی بەردەوامبوونی سەرکەوتنی شارەکە.

بڕیستۆڵ گەورەتین شارە لە باشۆری ڕۆژئاوای ئنگلتەڕا کە ژمارەی دانیشتوانی نێزیکی بە نێو ملیۆن کەس دەبێت. بڕیستۆڵ زوور مێژۆی هەیە وهەروەها زوور شۆێنەکانی مێژۆیی هەن لە ناو شارەکە. ڕیگای باش بۆ ناسینی شۆێنە تازەکانت لە ماوەی نیشتەجێبونت لە بڕیستۆڵ ئەوەیە بە تەماشەکردنی مێژۆی بڕیستۆڵ. لە بڕیستۆڵ زوور ڤیستەڤاڵ و ڕووداوی بەناۆ بانگ ئەنجام دەدرێن، لە دەورو بەری بڕیستۆڵ زوور ڤیستەڤاڵ و ڕووداوی بەناۆ بانگ ئەنجام دەدرێن بە درێژی ساڵەوە، بۆنمۆنە فیستا یاخود ئاهەهنگی باڵۆنەکان (Balloon Fiesta) و هەروەها ڤیستیڤاڵی هاربور (Harbour Festival).

لە ناۆچەکانی بڕیستۆڵ زوور جۆرەی ئیش و کار هەیە. کەرتەکانی سەرەکی کە زوور ستاف و کرێکار لە ئاستەکانی یەکەم و هەروەها دووەم هەن: خۆاردنگا و مێواندای و هەروەها بواری بازرگانی و کەرتی لۆجیستیك (عەمبارەکانی کەڵ و پەڵ و هەروەها ئیش و کاری لێخۆڕینی ترۆمبێل)، و بواری تەندرۆستی و چاۆێری کۆمەڵایەتی و بواری ئاوەدانکردنەوە. هەروەها بڕیستۆڵ ناسراوە بە کەرتەکانی ئیشی تایبەتمەند وەکۆ: درسۆتکردنی فڕۆکە ئێرۆسپایس (Aerospace) و هەروەها ئیشی دیجیتاڵ و جوانکاری وخزمەتگۆزاریەکانی پیشەیی و بازرگانی و هەروەها پیشەسازی ئاستی نزمی کاربوون.

دەزانین گۆاستن لە وەڵاتێك بۆ وەڵاتێك و چۆنیەتی جێگیربوون شتێکی ئاسان نیە. ئەم پەرتوکنامەی بۆ مەبەستی بەخێرهاتن درۆستکراوە بۆ هاوکاریکردنی ئێوە لە کاتی هاتنی ئێوە بۆ بڕیستۆڵ و بۆ ئەوەی بڕیستۆڵ بە ماڵەکانتان بزانن. چەندین دەرفەتی گرنگ چاۆەڕوانی ئێوەن لە کاتی ئێوە ژیانی تازە لە شارەکە دەبەنە سەر و زانیاریەکانی لەناو ئەم پەرتۆکنامە هاوکاری ئێوە دەکەن بۆ سوود وەرگرتن لەو دەرفەتەکان.

بەخێربێت بۆ شاری بڕیستۆڵ.

شارەوانی شاری بڕیستۆڵ

چۆن ئەم ڕابەرە بەکاردەهێنی

ئەم ڕابەرە تەرجوومەکراوە بۆ زمانی خۆت بەڵام هەموو لینکەکانی ئەنترنێت کە بە دوایان دەکەوێ بۆ بەهستهێنانی زانیاریەکان و هەروەها بۆ هاوکاری، بەتەنیا بەزمانی ئنگلیزین.

ئەگەر ئنتێرنێت ئێکسپلۆرەر (Internet Explorer) بە کار دەهێنی ، دەتوانی لاپەڕەکانی وێب تەرجوومە بکەی بۆ زمانەکەت بە دیاری کردنی ئەو تێکستەی کە دە تەوێت تەرجوومە بکەی و پاشان کلیکێك ڕاست لەسەر مشکی کۆمپیۆتەرەکەت بدەی وسەیری لیستەکە بکەی، لە لیستەکە بڕۆ ' Translate with Bing' و بە دوای ڕێنمایەکان بکەوە.

لینکەکانی ئەنترنێت ئیشارەتی دەستەکە لەسەر بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانی بدۆزی.

ئەم ڕابەرە دابەش کراوە بۆ 5 بەش:

1. پیش گەیشتنەکەتان
2. دوای گەیشتنەکەتان
3. ئیشکردن لە شاری بڕیستۆڵ
4. ژیان لە شاری بڕیستۆڵ
5. خۆشی و ڕابواردن لە شاری بڕیستۆڵ

لە هەموو بەشەکان زانیاری تێدا هەیە بۆ هاوکاریکردنت بۆ جێگیر بونەکەتان لە شاری بڕیستۆڵ و هەروەها لینکەکانی ئەلکترۆنی هەن بۆ هاوکاریکرنی زیاتر بۆ ئێوە. دەتوانن بچێنە ناو لینکەکان لەسەر هەموو تێلەفۆنەکانی مۆبایلی سمارت و هەروەها لەسەر لاپتۆپ و هەر وەها لەسەر هەموو ئامێرەکانی دیکەی کە ئەنترنێت تێدا ئیش دەکات.

ئەگەر ئەنترنێتت نەبێت، چەند شۆێن هەن کە دەتوانن سەردانیان بکەن بۆ بەکارهێنانی ئەنترنێت بە خۆڕایی.

زووربەی پەڕتوکخانەکان کۆمپیۆتەر هەن کە دەتوانن بە خۆڕایی بەکاربێنن و هەروەها دەتوانن ئەنترنێتیش بە کار بێنن. پەڕتوکخانەکان شۆێنی زوور گرنگن بۆ بەدەستهێنانی زانیەریەکان وەکوو (What is on in Bristol) چی لە بڕیستۆڵ هەیە و هەروەها ڕێکلامەکانی ئیشو کار و هەروەها زانیەری سەبارەت بە ناوچەکە. لە زوور لە پەڕتوکخانەکان پەڕتوکەکانی بە زمانەکەت هەن و ئەگەر نەبن دەتوانی داوای پەڕتوکەکان لە ستافی پەڕتوکخانەکەی بکەی بۆ ئەوەی بۆت داوا بکرێن.

بۆ ئەوەی بزانی شۆێن و زانیاری پەڕتوکخانەی ناوچەکەت، تکایە بە دوای ئەم لینکە بگەڕە.

- لیستی پەڕتوکخانەکان لەشاری بڕیستۆل

بەدەستهێنانی هاوکاری و پشتگیری

لە هەموو گەڕەکەکانی بڕیستۆڵ ڕێخراوەکان هەن کە دەتوانن هاوکاری و پشتگیری لەخەڵك بکەن بۆ ڕێکخستنی ژیانەکەیان و هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. بەم جۆرە ڕێخراوەکان بانگ دەکرێن بەڕێخراوەکانی ئامۆژگاری کۆمەڵگا (community advice). ڕێخراوەکانی کۆمەڵگا و ڕێخراوەکانی ئامۆژگاری دەتوانن هاوکاریتان بکەن لە زوور بوار و بۆ چەندین جۆری کێشەکان و هەروەها هاوکاریتان دەکەن بۆ بەدەستهێنانی چالاکیەکان و دەرفەتەکانی لە ناو ئەم ڕابەرە هەن.

بۆ دۆزینی ڕێخراوی تایبەت بە هاوکاری و ئامۆژگاری تایبەت بە گەڕەکەکەتان، تکایە بە دوای ئەم لینکە بکەوە.

- گرۆپ و ڕیخراوەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی لێرە بدۆزەرەوەFind a community support group or organisation

خزمەتگوزاری تایبەت بە وایفای **(Wi-Fi Hotspots)**

ئەگەر ئامیر یاخود تێلەفۆنی مۆبایلی سمارتت هەبێت کە وایفای لەسەر ئیش دەکات، زوور شوێنی تایبەی بە وایفای هۆتسپۆت (Wi-Fi hotspot) لە بڕیستۆڵ هەن کە دەتوانی بەکاربێنی بۆ نمونە کافێ و چایخانەکان و هەروەها مۆڵەکانی بازاڕ. ئەم لینکەی لە خوار تایبەتە بە شوێنەکانی کە وایفای هۆتسپۆت (Wi-Fi hotspot) هەن لە شاری بڕیستۆڵ.

- وایفای هۆتسپۆتەکانی شاری بڕیستۆڵ Wi-Fi Hotspots around Bristol

ئەم ڕابەرە دەست بە سەبارەت بە بەشێکی کۆرت سەبارەت بە ڕێنیشاندانەکانی جێگیر کردن وهەروەها دووزینی ئیش و کار لە خەڵکی دیکەی کۆچبەر کە لە بڕیستۆڵ هەن.

ڕێنیشاندانەکان ی سەرەکی

کۆچبەرەکانی جێگیر هەرگیز زانیاری سوودمەند بە کۆچبەرەکانی تازە دەدەن. ئەمانە چەند لە ڕێنیشانەکانی کۆچبەرەکانی جێگیر بۆ ئەوانەی تازە هاتوون.

1. خۆت فێرە زمانی ئنگلیزی بکە پێش بێیتە بەریتانیا یا خۆد خۆت تۆمارکە لە قۆتابخانە یا کۆلیژەکە بۆ فێربوونی زمانەکە دوای هاتنت بۆ بەریتانیا.

' [من] زوور تۆشی کاڵتەکردن بووم لێرە و هەروەها زمانی گفتوگۆکردن بۆمن زوور قۆرس بوو. و زوور کێشەی لە تێگەیشتن [هەم بوو]. تیکەڵاوی زوور لە گرۆپەکانی کۆمەڵایەتی بووم بۆ ئەوەی زیاتر لە خەڵك تێبگەم لەکاتی گاڵتەکردنیان و هتد.' (فاتیما EU).

2. ڕۆژانە زمانی ئنگلیزی بەکاربینە.
3. بەشێکی کاتەکەت تەرخان کە بۆ تێگەیشتن لە کەلتۆری بەریتانی و هەروەها زمانی ئنگلیزی.
4. زوور لە کۆمپانیاکانی بەریتانی ماڵپەڕی ئەلکترۆنیان هەن بۆ بەلاوکردنی دەرفەتی ئیش و کار. تکایە ئەنترینت بە کاربێنە بۆ گەڕان بە دوای ئیش وکار و پەیوەندیان پێ بکە پێش هاتنت بۆ شاری بڕیستۆڵ.
5. بۆ گەڕان بە دوای ئیش، سەردانی سەنتەرەکان و ئاژانسەکانی ئیش و کار بکە و هەروەها سەیری ڕۆژنامەکان بکە و گوێ بیسی ڕادیو ببە و لەسەر فەیسبوك بگەڕە و هەروەها لە سەر گام تری (Gumtree) و ماڵپەڕەکانی کۆمپانیاکانی ئیش و کار و هەروەها پرسیار لە خەڵک و کەس و کارەکان بکە و هەروەها پرسیار لە تۆڕەکانی نیشتیمانی و ئاینی بکە.

' ئامادەکاری سی ڤی یەکەت (CV) و هەروەها بەڵگەکانت بکە بۆ گەڕان بە دوای ئیش و کار. ' (ئێم کە خەڵکی گانا یە)

6. ئەگەر بتوانێ، بڕوانامەکەت لە بەریتانیا ڕاستپارد بکە لە ڕێگای سەنتەری زانیاری نیشتیمانی بۆ ڕاسپاردنی ئەکادیمی NARIC پێش هاتنتان.

"پێش ئاخیر ئیشەکە بکەم، دەم زانی چۆن بڕوانامەکەم بەکاربێنم لە وەڵاتی ئنگلتەڕا و بو ئەوەی بزانم کە قەبوڵ دەکرێت یان نا، و توانیم هەموو زانیاریەکان لە سەرئەنترنێت بەدەست بێنم، و پاشان کاقەز و بەڵگەکانم و بڕواناماکەم ناردم بۆ ئەوەی یەکسانی لە گەڵ هی بەریتانی بکرێن ... " (کاسیا کە خەڵکی پۆلەندایە)

7. ئەگەر بتوانی ڕێفرانسەکان و هەروەها سی ڤی یەکەت (CV) لە گەڵ خۆت بێنی یا خۆد کەسێکی بەڕێز لە بڕیستۆڵ بناسی بۆ ئەوەی ڕێفرانسێکت بداتێ ئەگەر نەتوانی هیچ لە وەڵاتەکەت بێنی.
8. ئیشی خۆبەش بکە بۆ فێربوونی ئیشەکە و هەروەها بۆ ڕێفرانسیش، و زمانی ئنگلیزیەکەت باش بکە و فێری کەلتۆری بەریتانی ببە.
9. زوو هەوڵی پەیوەندیکردن بە خاوەن ئیشەکان بکە و سەردانیان بکە و هەروەها سی ڤیەکەت (CV) بۆ خاوەنی ئیشەکان بنێرە.
10. بەڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کۆمپانیاکانی گەورە بکە بە ئیمایڵ یاخۆد لەسەر ماڵپەڕی ئەلکترۆنیەکانیان پێش هاتنتان بۆ بڕیستۆڵ یا دوای هاتنەوە.
11. پەیوەندی بە خزمەتگۆزاریەکانی ئامۆژگاری کۆمەلگا کان بکە بۆ نمۆنە بیرۆی ئامۆژگاری هاوەڵاتیان سەبارەت بە گەڕانەوەی بە دوای ئیش و کار و هەروەها سەبارەت بە ئامۆژگاری دارایی و سەبارەت بە نیشتەچێکردن و خزمەتگۆزاریەکانی یاسایی.

1. پێش هاتنەکەتان

پێش هاتنەکەتان، چەند هەنگاو هەن کە پێویستە ڕاچاوەبکەی. بە پێگیریکردنی هەنگاوەکانی لە خوار لە پێش هاتنتان بۆ بەریتانیا، ئاسانکاری بۆ سەفەرەکەتان دەکرێت.

دڵنیای ڤیزای تەواو بکەن

بۆ ئەوەی بتوانن بڕی و هەروەها ئیش کەن لە بەریتانیا، پێویستیتان بە ڤیزا دەبیت. ئەم ماڵپەڕەی لە خوار تایبەتە بە چۆنیەتی داواکردنی ڤیزا.

- زانیاری سەبارەت بە ڤیزای کۆچبەران
- Information on Visas and Immigration

لە کاتی داوای ڤیزا دەکەی، پێویستە بە زمانی ئنگلیزی داوا بکەی. تکایە کلیك لەسەر لینکی لە خوار بکە بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە داواکردنی ڤیزا.

- داواکردنی ڤیزاApply for a Visa

ڕەنگە تۆ وێستیت بە ڤیزا بێت بۆ هاتنت بۆ بەریتانیا بۆ خوێندن یا بۆ سەردان یا خۆد بۆ ئیش. بۆ ئەوەی دڵنیای ئەوە بکەی کە ئایا پێویستیت بە ڤیزا هەیە، تکایە بە دوای ئەم لینکەی لە خوار بگەڕە.

- بزانە کە ئایا پێویستیت بە ڤیزا هەیەCheck if you need a Visa

ئەم لینکەی لە خوار زانیاری نرخی بەهای ڤیزەکەت دداتێ. تکایە کلیك لەسەر لینکەکە بکە بۆ زانینی نرخی بەهای ڤیزاکەت.

- نرخی ڤیزەکانVisa Fees

پشکنینی پاسەپۆرتەکەت بکە

پێویستیت بە پاسەپۆرتی ڕەوا و یاسایە بۆ هاتنت بۆ بەریتانیا و هەروەها پێویستە پاسەپۆرتەکەت ڕەوا بێت بۆ ماوەی سەفەرەکەت و هەروەها ماوەی ڤیزاکە. وڕەنگە پیویست بێت بسەلمێنی پاسەپۆرتەکەت ڕەوایە و کاتەکەی ماوە لە کاتی داواکردنی ئیش.

بەکارهێنانی بڕوانامەکانت لە بەریتانیا

بڕوانامە و خۆێندنی کە تۆ تەوا کردوتە مەرج نیە هەرگیز هەمان بڕوانامەکان بن کە لە بەریتانیا هەن. پیویستە پارە بدەی بۆ بەڵگەی فەرمی بۆ بەراوردکردن و ڕاسپاردکردنی بڕوانامەکانی نێودەوڵەتی لەگەڵ بڕوانامەکانی بەریتانی. سەنتەری زانیاری نیشتیمانی بۆ ڕاسپاردنی ئەکادیمی ئەم ئیشە دەکات. NARIC
بۆ هاوکاری و زانیاری سەبارەت بەم خزمەتگوزاریە تکایە بە دوای ئەم لینکەی لە خوار بگەڕە.

- [How do your existing qualifications compare to British qualifications?]

[چوون بڕۆ ئامەکەکانت هی ئێستا یەکسان دەکرێن لە گەڵ بڕۆ ئامەکانی بەریتانیا ؟]



فێربۆنی زمانی ئنگلیزی

ڕەنگە زوور زەحمەت بێت بۆ فێربوونی زمانی تازە بەڵام هاوکاری لەسەر ئەنترنێت و هەروەها لە ناو خەڵک بۆ ئەوەی بتوانی فیری زمانی ئنگلیزی بێت. بۆ زووربەی ئیش و کارەکان زوور گرنگە لە زمانی ئنگلیزی تێ بگەی و هەروەها گرنگە بۆ بەسەر بردنی ژیان لە بڕیستۆڵ و هەوەها لە بەریتانیا.

زوور کۆرس لە سەنتەرەکان و کۆلێژەکانی فێربوونی زمانی ئنگلیزی (ESOL) بۆ ئەوانەی بەزمانی دیکە قسە دەکەن هەن و دەتوانی ئەم جۆرە کۆرسەکان لە شاری بڕیستۆڵ بدۆزی بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی.

لە خوار لینکی تایبەت بە ڕێخراوەکانی جیا جیا هەن بۆ هاوکاریکردنتان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی.

- [کۆلێژی شاری بڕیستۆڵCity of Bristol College]
-
- [فێربۆنی لۆکاڵLocal Learning]

- وانەکانی فێربوونی زمانی ئنگلیزی ESOL - و پەنابەرەکانی ئافرەت لە بریستۆلESOL class- Refugee women of Bristol
- /http://www.bristolcourses.com
- کۆمەڵەی خوێندنی کرێکارانی باشوری ڕۆژهەڵات Workers Educational Association South West
- Gov.uk - گەشە بە زمانی ئنگلیزیەکەت و هەروەها بیرکاریەکەت بکەGov.uk - Improve your Maths and English

ئاشلی کۆمیونیتی هاوزینگ - سەنتەری مەشق و ڕاهێانانی هیمیلیۆ Ashley Community Housing - Himilo Training Centre

- سیتی ئەکادیمی City Academy

زۆنی فێربوونی ئیستون (Easton Learning Zone) کۆرسەکانی فێربوونی زمانی ئنگلیزی ESOL و هەروەها کۆرسی بیرکاری بۆ خەڵکی کۆچبەر و پەنابەرەکان پێش کێش دەکات و هەروەها بۆ قۆتابیەکانی دیکەی ئیسۆڵ ESOL. کە ئەرێس و ژمارەی تێلەفۆنەکەیان بەم شێوەیە:
94, Stapleton Rd & 230 Stapleton Road, Easton, Bristol, BS5 0RB. Telephone: 0117 941 4114

ڕەنگە تۆ شمۆلی کۆرسەکانی ئیسۆڵی ESOL تایبەت بە فێربۆنی زمانی ئینگلیزی بکەی ئەگەر تۆ لەسەر جۆب سەنتەر بێ. تەماشەی زانیاری زیاتر بکە لە بەشی ئیشکردن لە بریستۆڵ.

هەروەها ەتوانێ فێری زمانی ئنگلیزی بێت بەڕێگای قیتابخانەکانی تایبەت هی فێربونی زمان لە شاری بریستۆڵ. لە سەر لینکی لە خوار ڕێپێشانت دەدات بۆ قۆتابخانەکانی زمان لە شاری بریستۆڵ.

- قۆتابخانەکانی تایبەت بە فێربوونی زمان Language schools

ئەگەر بە زمانی ئنگلیزی چاك قسەدەکەی لە کاتی هاتنت بۆ بریستۆڵ، ئەوکاتە دەتوانی بیر لە کۆرسێکی بیرکاری بکەی یا خۆد کۆرسێکی ئەکسێس بۆ خوێندن لە زانکۆ یا خۆد کۆرسێکی ئیواران بۆ خۆشی.

تکایە بە دوایە ئەم لینکەی لە خوار بەردەوام بە بۆ تەماشەکردنی کۆرسەکان و چۆنیەتی داواکردنیان.

- کۆلێژی شاری بریستۆڵ City of Bristol College

زانکۆی بریستۆلیش دەست بە بۆرسەی خوێندن کردوە بۆ هاوکاری خەڵکی کۆچبەر و هەروەها پەنابەران بۆ خوێندن لە زانکۆ لە بریستۆل.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە سەیری ئەم لینکە بکە.

- زانکۆی بریستۆڵBristol University
-



میدیای کۆمەڵایەتی و زانیاریەکانی ناوچەکە

پێش هاتنتاب بۆ بڕیستۆڵ، زوور گرنگە سەیری سایتەکانی میدیای کۆمەڵایەتی بکەن و هەروەها زانیاریەکانی ناوجەکە بۆ ئەوەی تێکەلاوی لەگەڵ خەڵکی پێش ئێوە نیشتەجێی بڕیستۆڵ بوون و بۆ ئەوەی ئاگاداری ئیش و کارەکانی ناوچەکەشبن.

ئەم لیستەی لە خوار ژمارەیێکی لینکەکانی میدیای کۆمەڵاتین و هەروەها لینکەکانی تایبەت بە زانیاری ناوچەکەن. ئەم لیستە زانیاریتان پێ دەدات سەبارەت بەو شتانە کە لە بڕیستۆڵ هەن و هەروەها سەبارەت بە دەنگ و باس و ڕیکلامەکانی ئیش و کارەکان. زوور گرنگە زانیاریەکان سەبارەت بە بڕیستۆڵ کۆکەن و بزانن پێش هاتنتان بۆ شارەکە.

- فێیس بۆك Facebook
- ئیش و کارەکان لە کەرتەکانی خۆبەخش و کۆمەڵگە Jobs in the Voluntary and Community Sector
- تۆیتەر Twitter
- ڕووداوەکانی ئیش و کار و هەروەها ڕێخراوەکان لە شاری بڕیستۆڵ - Ecojam - Events jobs and organisations in Bristol
- گام تری Gumtree
- ئندید Indeed
- ڕید Reed
- زە پیجیۆن (The Pigeon) - دەنگ و باسی کۆمەڵگەی بڕیستۆڵ The Pigeon - Bristol Community News

2. دوای هاتنتان

زوور لە گرۆپەکانی هاوکاری وهەروەها مالّپەڕەکان هەن کە دەتوانن هاوکاریتان بکەن. لە خوار لیستێکی تایبەت بە گرۆپەکانی بڕیستۆل و هەروەها مالّپەڕەکانی نیشتیمانی هەن کە دەتوانن هاوکاریتان بکە لە بواری پێداویستیەکانتان وەکو خالّکی کۆچبەر.

تۆڕەکانی هاوکاری کۆچبەران

- بڕیستۆل ڕێفۆجی ڕایتس (Bristol Refugee rights)
- هاوکاری پەنابەرانی بەریتانیا (Migrant Help UK)
- بڕیستۆل ڕێفۆجی ئاکشن (Bristol Refugee Action)
- تۆری نیشتیمانی تایبەت بە مافەکانی کۆچبەران و پەنابەرانNational Network for Immigrants and Refugee Rights
- کۆری سۆمالّیەکانی بڕیستۆلhttps://Bristol Somali Forum.org.uk/
- سەنتەری سەرچاوەی سۆمالّیەکانSomali Resource Centre
- گرۆپی ژنانی چاینی لە ئەیڤۆن و بڕیستۆلBristol Chinese Women's GroupClasses
- کۆمەڵەی ئانگلۆ پۆلّیش (Anglo Polish Society)
- دەنگوباسەکانی وان لاین نیوز بۆ بۆنانیەکان لە بڕیستۆلArabic Classes
- کۆمەڵەی کەلتۆری مۆسڵمانانی بڕیستۆل
- کۆمەڵەی کەلتۆری مۆسڵمانانی بڕیستۆلBristol Muslim Cultural Society
- بازنەی فرەنسیەکانی بڕیستۆلBristol French Circle
- خوێندنگای زمانی ئنگلیزی ڕۆژانی شەممەGerman Saturday School
- هاوزینگی کۆمەڵەی ئاشلی Ashley Community Housing

نیشتەجێکردن



دوای هاتنتان بۆ بڕیستۆل، پێویستە بیر لە بۆاری نیشتە جێکردن و هەروەها چاوەڕێری منداڵان بکەن.

ڕەنگە کێشەی نیشتەجێبوون لە بڕیستۆڵ گرفتێکی گەورەبێت. ئەگەر بریارتان دا خانۆی تایبەت بە کرێ بگرن یاخۆد لە ڕێگای کانسڵەوە داوای خانووبەری بکەی، ڕەنگە زوور چاوەڕوانبن. نیشتەجێکردن لە بڕیستۆل زوور گرانە و هەروەها خواستی نیشتە جێکردن زووڕە بەرزە.

زوور لە ماڵپەڕەکان و ئاژانسەکانی خانووبەر هەن کە دەتوانن بە ڕێگایان بەدوای خانوی گۆنجاو بگەڕن.

لە خۆار چەند لینکەکان هەن کە دەتوانن هاوکاریتان بکەن بۆ نیشتە جێکردن لە بڕیستۆڵ. هەروەها دەتوانی لینکەکان بە کاربێنی بۆ زانینی جۆرەی خانووبەری و هەروەها نرخەکانیان کە لە شارەکە هەن.

- ڕایت مۆڤ Rightmove
- زۆپلا Zoopla
- گام تری Gumtree

ڕێگای تر بۆ دوزینی خانووبەر ئەوەیە بە ڕێگای کانسڵ یاخۆت شارەوانی، کە لەم حاڵەتە شارەوانی شاری بڕیستۆل دەبێت.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە دووزینی خانووبەر بە ڕێگای کانسڵ، تکایە بەدوای ئەم لینکەی لە خۆار بکەوە.

- نیشتەجێکردنی شارەوانی شاری بریستۆڵ Bristol City Council Housing





بۆ کریکردنی ژۆرە یا خانۆیکی تایبەت لە خاوەن ماڵ، پێویستیت بە ڕێفەرانس هەیێت. ڕێفەرانس نامەیە کە پێویستە لە خاوەن خانووی پێشۆ نیشتەجێبووی بنۆسرێت بۆ ئەوەی دڵنیای ئەوە بکات کە ئێوە کرێداری باش بوون. بەکرێکردنی ژوورە هەرزانترە لە کرێکردنی شۆقەێێك یا خود خانۆیێك. دەتوانی زیاتر زانیاری سەبارەت بە کرێکردنی خانوو یاخۆد شوێنی حەوانە و هەروەها مافەکانت بەدەست بێنی لە سەر ئەم لینکەی لە خۆار.

- https://www.bristol.gov.uk/housing/private-tenants

شارەوانی شاری بڕیستۆڵ دەتوانێت هاوکاریتان بکەت لە گەڵ هەموو کێشەکانی کە ڕەنگە تووشبن لە کاتی نیشتەجێبونتان لە خانووبەری تایبەت. کانسڵ (شارەوانی) دەتوانێت هاوکاریتان بکەت و هەروەها ئامۆژگاریتان بدەتی سەبارەت بە مەترسیەکان و هەڕەشەکانی کە ڕەنگە ببنە هۆکاری لەدەست چوونی خانووەکەت و هەروەها هاوکاریتان هکرێت ئەگەر لە حاڵەتێك ماملّەی خەراپتان لە گەڵ کرا لە بەر ئەوە کۆجبەرن.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم بابەتە تکایە بە دوای ئەم لینکەی لە خۆار بگەڕە.

- ئامۆژگاری نیشتەجێکردنی بڕیستۆل Bristol housing advice

بۆ هاوکاری زیاتر سەبارەت بە بۆاری نیشتە جێکردن تکایە بە دوای ئەم لینکەکانی لە خۆار بگەڕە.

- ئامۆژگاری شارەوانی شاری بڕیستۆڵ هی تایبەت بە ئافات و پیسبوونی ژینگە و ژاوە و خۆاردن
- Bristol Neighbourhood and Home Watch Network

ئۆفیسەکان و خزمەتگۆزاریەکانی شارەوانی شاری بڕیستۆل

شارەوانی شاری بڕیستۆل جەندین ئۆفیسی خزمەتگۆزاری و هەروەها تیمەکان هەن کە ئامادەن بۆ هاوکاریرکردنتان لە ماوەی کە لە بڕیستۆڵ دەژین. تکایە تەماشەی لینکی لە خۆار بکە کە لیستی خزمەتگۆزاریەکان و هەروەها تیمەکانی کە ڕەنگە پێویستیان دەبی تێدان، و هەروەها لینکی شۆێنەکانی کە دەتوانی سەردانیان بکەی بۆ هاوکاری و ئامۆژگاری.

- زانیاریەکانی پەیوەندیکردن بە شارەوانی شاری بڕیستۆڵBristol City Council Contacts

خزمەتگۆزاری نیشتیمانی تایبەت بە بۆواری تەندرۆستی

ئەگەر پارەی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی دابێت و ڤیزەکەت مسۆگەربێت یاخود ئەگەر پێویست نەبێت پارەی خزمەتگوزاریەکە بدەی کەواتە تۆ شمۆلی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی دەکەی.

پێویستە ناوەکەت لە لای بنکەیێکی تەندروستی تایبەت بە گەڕەکە کەتان تۆمارکەی و هەروەها ناوەکەت لە لای پزیشکی دانیش تۆمارکەی. ئەگەر جێگایان نەبێت بۆ ئەوەی ناوەکەت تۆمارکەن، لیستی بنکەکانی دیکەی تەندروستی لە لایانە کە دەتوانی پەیوەندیان پێ بکەی بۆ تۆمارکدنی ناوەکەت.



بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە چۆنیەتی دۆزینی بنکەی تەندروستی پزیشکی خیزانی (GP) تکایە بە دوای لینکی لە خوار بگەڕە و هەروەها پۆستکۆدی گەڕەکەکەت تێدا بنوسە.

- پزیشکەکەت یاخود (GP) خۆت بدۆزەFind your local GP

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە چۆنیەتی دۆزینی پزیشکی دان، تکایە بە دای لینی لە خوار بگەڕە.

- پزیشکی دان هی خۆت بدۆزەFind your local Dentist



چاودێری منداڵ

بۆ چۆنیەتی دۆزینی چاودێری منداڵان لە شاری بڕیستۆڵ تکایە کلیك لەسەر لینکی لە خوار بکە.

- خزمەتگوزاری چاودێری منداڵ بدۆزەFind a childcare provider
-

بەگوێرەی تەمەنی منالەکەتان، خزمەتگوزاری چاودێری منداڵان بەگوێرەی تەمەنی منداڵەکەتان دابین دەکرێت. منداڵانی تەمەنیان 4 ساڵ و بەرەو ژوورەوە پێویستە ئامادەی قوتابخانە بن.

هەموو منداڵەکانی لە تەمەنی 3 تا 4 ساڵ شمۆلی 570 کاتژمیری چاوەدێری منداڵ دەکرێن یا خۆد پێش قوتابخانە. ڕەنگە منداڵی 2 ساڵیەکەت شمۆلی چاوەدێری خۆڕایی منداڵان بێت. تکایە سەیری لینکی لە خوارو بکە بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەوەی کە ئا یا منداڵەکەت شمۆلی فێربوون و چاوەدێری منداڵان هی خۆرایی دەکەن.

- هاوکاری بەهای چاوەدێری منداڵHelp with Childcare costs

لە خوارو دوو ڕێگای دیکە هەن بۆ دۆزینی چاوەدێری منداڵ لە شاری بڕیستۆڵ. بە نۆسینی پۆستکۆدەکەت دەتوانی سەنتەری چاوەدێری منداڵ هی گەڕەکەکەتان بدۆزی ئەگەر خۆت پارەی چاوەدێری منداڵەکەت دەدەی.

- Gov.uk - Browse childcare
  چاوەدێری منداڵ childcare

زوور گرنگە ڕیفرانسەکانت هەبێت بۆ دۆزینی چاوەدێری منداڵ، پێویستە خۆت یا ئەو ئاژانسەی کە بەوای چاوەدێری منداڵ بۆ منداڵەکەت دەگەڕی داوای ڕیفەڕانسەکانی کارمەندەی کە چاوێری منداڵەکەت کردوە بکەت. ئەمە دڵنیای ئەوە دەکات کە کارمەندی چاوەدێری منداڵ کەسێکی بەتوانایە بۆ چاوەدێری منداڵەکەت.

سەنتەرەکانی چاوەدێری منداڵ لە هەموو ناوچەکانی بڕیسۆڵ هەن و هاوکاری دایك و باوکەکان دەکەن بۆ چاوەدێری خێزانەکانیان و هەروەها بۆ پاراستنی ستایلێکی تەندروستی ژیان. سەنتەری چاوەدێری منداڵ هی تایبەت بە ناوچەکەت بەرپرسیارە لە پێش کێش کردنی هاوکاری و پشتگیری بۆ ئێوە. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە سەنتەری چاوەدێری منداڵ هی تایبەت بە ناوچەکەتان تکایە بەدوای لینکی لە خوار بگەڕە.

- لێرە سەنتەری منداڵان بدۆزەFind your local Children's Centre

لە بەر ئەوەی زوور خواستی خەڵك بۆ سەنتەری چاوەدێری منداڵان هەیە، زوور لە سەنتەرەکان کۆرسەکانی زمانی ئنگلیزی خۆڕایی پێشکێش دەکەن. دەتوانی پرسیار لە سەنتەری چاوەدێری منداڵ لە ناوچەکەتان بکەی سەبارەت بە کۆرسەکانی زمانی ئنگلیزی.



دایەنگا و قوتابخانەکان

زوور لە داینگە و هەروەها قوتابخانەکان لە شاری بڕیستۆڵ و هەروەها لە دەورو بەری بریستۆڵ زوور قەڵەبالاغن کە واتە ڕەنگە شوێن بۆ منداڵەکەت لە دایەناگە یا لە قوتابخانەی یەکەم کە هەڵدەبژێری بەدەست نەکەوێت.

لە بەشی لە خوار چەند لە ڕێنیشاندانەکان هەن بۆ هاوکاریکردنی ئێوە لە کاتی تۆمارکردن و ناردنی منداڵەکانتان بۆ قوتابخانە.

- بیر لە زیاتر لە یێك ئیختیار بکە - چونکە مەرجنیە هەرگیز بە ئیختیاری یەکەم بۆ قوتابخانەکە سەرکەوتونابێت ئیتر لەبەر ئەوە باشترە چەندین قوتابخانە و دایەنگا هەڵبژێری نەك بەس یەکێك.
- پێویستە ئاگادار بی کە لە کاتی پیوێست دەست بە پرکردنی داواکاریەکە دەکەی.

- داواکردن بۆ تۆمارکردن لە قوتابخانەApplying to schools

ئەم لینکە زانیاریەکان بە ئێوە پێشکێش دەکات سەبارەت بەکات و هەروەا چۆنیەتی داواکردنی ئیختیاری دووەم بۆ قوتابخانەکان.

- زیاتر شارەزابە سەبارەت بە قوتابخانەکان. زوور گرنگە یاسا و ڕێنمای قوتابخانەکە بزانی لە کاتی داواکردن بۆ تۆمارکردنی منداڵەکەت لە قوتابخانەکە.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە قوتابخانەکان وچۆنیەتی دۆزینی قوتابخانەکان و هەروەها دایەنگەکان، تکایە بەدوای ئەم لینکەی لە خوار بڕۆ.

- دایەنگە و قوتابخانەکانی شاری بڕیستۆڵBristol Schools and Nurseries

سەندیکا و دەزگای پیشەیەکان

سەندیکاکان نوێنەرایەتی مافەکانی کرێکارەکان دەکەن و هەروەها سەندیکاکان دەتوانن یارمەتیدان بدەن ئەگەر هەر جۆرە کێشە و گرفتەکانی کە لە سەر شۆێنی ئیشەکەت توش بۆێت بەتایبەت ئەگەر هەستکەی بەشێوەی ستەمکاری ماملێت لەگەڵ کراوە.

ئەم لینکەی لە خوار لیستەکانی سەندیکاکانی تایبەت بە کۆچبەران تێدایە.

- TUC
- سەندیکاUnison
- سەندیکای کرێکارانی کۆچبەرانی ئەورۆپیEuropean Migrant Workers Union
- کۆنفیدراسیۆنی سارێژی بازرگانی نێودەوڵەتیInternational Trade Union Confederation



خزمەتگوزاریەکانی ئامۆژگاری

چەندین لە خزمەتگوزاریەکانی تایبەت بە ئامۆژگاری لە شاری بڕیستۆڵ هەن کە ڕەنگە سودمەندبن بۆ چارەسەرکردنی چەندین لە گرفتەکان.

بۆ ئامۆژگاری سەبارەت بە کێشە و گرفتەکانی پارە و قەرزەکان:

- قسەکردن سەبارەت بەگرفتەکانی پارەTalking money

ئەیڤۆن ئاند بریستۆڵ لاو سەنتەر (Avon and Bristol Law Centre) ئامۆژگاری یاسایی خێرایی بەخەڵك دەبەخشێت. ئامۆژگاری سەبارەت چەندین کێشە و گرفت پێشکێش دەکەن وەکۆ ئەدمین و کێشەکانی نیشتەجیکردن و کۆچبەری.

- سەنتەری یاسایی بریستۆڵ و ئەیڤۆن Avon and Bristol Law Centre

بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیانی بریستۆل دەتوانێت بۆ چەندین کێشە و گرفتەکان ئامۆگاریتان پێ ببەخشێت.

- بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیانی بریستۆل Bristol Citizen Advice Bureau

خزمەتگوزاری ئامۆژگاری باشوری بریستۆڵ ئامۆژگاری لە چەندین بۆارەکان پێشکێش دەکات بۆ نمۆنە لە بۆاری نیشتە جێکردن و مافەکانی هاوکاری سەرمایی.

- خزمەتگوزاری ئامۆژگاری باشوری بریستۆڵSouth Bristol advice

خزمەتگوزاری ئامۆژگاری باکوری بریستۆڵ ئامۆژگاری لە چەندین بۆارەکان پێشکێش دەکات بۆ نمۆنە لە بۆاری نیشتە جێکردن و مافەکانی هاوکاری سەرمایی.

- ئامۆژگاری باکوری بریستۆلNorth Bristol advice

ئامۆژگاری سەبارەت بە نیشتە جێکردن و هەروەها دەربەدەربوون

- Shelter (شێلتەر)

خزمەتگوزاریەکانی تاوانی رقی لێیەتی لە بریستۆل ئامادەیە بۆ پیشکەشکردنی ئامۆژگاری وهاوکاری نهێنی ئەگەر تۆشی کێشەی تاوانی ڕقی لێیەتی بوی. ئەم لینکەی لە خۆار دەدباتە لاپەڕی سەرەکیەکەیان.

- خزمەتگوزاریەکانی تاوانی رقی لێیەتی لە بریستۆلBristol Hate Crime Services

خزمەتگوزاری هاوکاری ئافرەتان (Bristol Women’s Aid) هاوکاری ئافرەتەکانی توشی تۆندۆ تیژی ناۆ ماڵ دەبن یا خۆت تۆش بوون دەکەن.

- Bristol Women's Aid (خزمەتگوزاری هاوکاری ئافرەتان)

ئەگەر پێویستیت بە هاوکاری بە پەلە هەبێت

لە حاڵەتی پێویستی بە هاوکاری فریاکەوتن پەیوەندی بە ژمارە 999 بکە.

هێڵی 999 تایبەتە بۆ خزمەتگۆزاریەکانی فریاکەوتن. ئەمە بۆ خزمەتگۆزاری ئەمبیلانس و پۆلیس و هەروەها ئاگر کۆژە. ئەگەر لە حالەتی پێداویستی بە چارەسەری فریاکەوتن بێت، کە واتە ئەگەر لە حاڵەتێکی مەترسیدار یاخۆد تۆشی ڕووداوی ئاگر بوێت، پێویستە پەیوەندی بە ژمارە 999 بکەی. و لە کە هێڵی فریاکەوتن وەڵامیان دا، دەتگۆێزن بۆ خزمەتگۆزاری کە تۆ پێویستە.

هەروەها هێڵی 111 دەتوانێت ئامۆژگاری تەندرۆستیت پێ بەخشێت ئەگەر حاڵەتەکەت پێویستی بە چارەسەری بە پەلە نەبێت بەڵام دە توانی چاۆڕوانی دکتۆرەکە بکەی.

ئەگەر هەر جۆرە کێشەی دیکەی تەندرۆستی هەتبێت، تکایە پەیوەندی بە پزیشکەکەت بکە بۆ درۆستکردنی مەۆعیدێك.

پەك کەوتویی (بێتوانایی) و نەخۆشی

ئەگەر کێشەی بێتوانایی یاخۆد کێشەی ناخۆشی هەتە کە کارتێکردن لەسەر ئیشەکەت دەکات، بە گوێری یاسای بەریتانی ڕەنگە شمۆلی 'ڕێکخستن و ئاسانکاریەکانی گونجاو' بێت بۆ ئەوەی بتوانی ئێش بکەی. ڕێکخستی و ئاسانکەریەکان لە بواری ئامێرەکانی کە ڕەنگە پێویستت پێ هەبێت وهەروەها کۆك بوون و دابینکردنی کارمەندەکانی هاوکاری. دەتوانن زوور لەم گۆڕدرانەکان لە Access to work. نەخشەی حکۆمەتی تایبەت بە بەدەستهێنانی ئیش و کار

ئەگەر خۆت مندال بێت، یا ئەگەر ئەندامێکی خێزانەکەت کێشەی بێتوانایی هەبێت یا خۆد کێشەی ناخۆشی هەبێت، ڕنگە تۆ سۆد لە زانیاریەکانی لەسەر مالپەڕەکە وەربگری یاخۆد شمۆلی هاوکاری ڕێخراوەکانی لۆکاڵ (خۆجی یی) و نیشتیمانی بکەی.

- مافەکانی خەڵکی بێتوانای بەریتانیا Disability Rights UK
- کۆڕبەندی یەکسانیبێتوانای بڕیستۆڵ Bristol Disability Equality Forum
- WECIL (سەنتەری زیندووی سەربەخۆیی ڕۆژئاوای ئینگلتەرا)
- Remploy
- PLUSS

زوور زانیاریەکان سەبارەت بە ڕێخراوەکان و خزمەتگۆزاریەکانی تایبەت بە بێتوانایی (disability) وهەرەها نەخۆشی لە سەر لینکی مالپەڕی (ڕێگاکان بۆ ئیش) Ways2Work و هەروەها لەسەر لینکی مالپەڕی ئاگاداری تەندرسۆتی Well Aware هەن.

3. ئیشکردن لە بریستۆڵ

خزمەتگوزاری ڕێگاکان بۆ ئیش (Ways2Work) هی تایبەت بە هاوکاری ئیش و کار

خزمەتگوزاری ڕێگاکان بۆ ئیش (**Ways2Work**) وەکۆ بەشێکی شارەوانی شاری بڕیستۆڵ کار دەکات بۆ پێشکێش کردنی کۆمەڵە هاوکاری بۆ نیشتەجێبوانی شاری بڕیستۆڵ. بە هەماهەنگی لە گەڵ هاوکارەکانیان لە بڕیستۆڵ و هەروەها باشووری ڕۆژئاوای ئنگلتەڕا ئیش و کار بۆ خەڵك دابین دەکەن و هەروەها زانیاریەکانی بە خەڵك پێشکێش و بەڵاودەکەن و لە هەموویان گرنگتر ئاژانس و لایەنەکانی هاوکاری بەیەکەوە دەبەستن و هەروەها پەیوەندیەکان لە بەینی کۆلێژەکان و خاوەن ئیش و کارەکان درووست دەکەت بۆ هاوکاریکردنی خەڵکی نیشتەجێی بڕیستۆڵ بۆ دۆزینی ئیش و کار.

- خزمەتگوزاری ڕێگاکان بۆ کار Ways2Work

ئاژانسەکانی تایبەت بە ئیش و کار

لە شاری بڕیستۆل کۆمەڵێك لە ئاژانسەکانی تایبەت بە ئیش و کار هەن کە دەتوانن هاوکاریتان بکەن بۆ دۆزینی ئیش و کار. هەموو جۆرەکانی ئیشەکان هەن وەکۆ ئیشی کەم کاتژمێر و ئیشی کاتژمێری زوور هوەروەها ئیشی دائیمی و هەروەها ئیشی کاتی هەیانە.

بۆ هاوکاریکردنتان بۆ دۆزینی ئیش، تکایە سەیری لینکەکانی لە خوار بکە بۆ دوزینی لیستی ئاژانسەکانی ئیش و کار لە شاری بریستۆل.

- Lucy Bristow (لوسی بریستاو)
  تایبەتە بۆ دۆزینی ئیشەکانی وەکۆ ئیشی ئوفیس و کارگێڕی دارایی و ئیشی یاسایی و ئیشی فرۆشتن و سکرتێری، و هێڵ ئاڕ (HR) و هەروەها ئیش و کارەکانی خزمەتگوزاری نەفەرەکان.
- Red Recruitment (ڕێد ریکرۆیمنت)
  تایبەتە بە ئیش و کارەکانی ژمێریاری و ئیش و کاری هاوکاری ئوفیس و ستافی کۆڵ سەنتەر.

- Robert Half (ڕۆبێرت هاڵف)
تایبەتە بە ئیش و کارەکانی ژمێریاری و بانقەکان و دارایی و تەکنەلۆژیا و کارمەندەکانی ئیداری.
- Pertemps (پێرتێمپس)
تایبەتە بۆ دۆزینی ئیش و کارەکانی گشتی.

(ئەم لینکەی لە خۆار یارمەتیداان دەکەن بۆ دۆزینی ئیش و کارەکانی لۆکاڵ (خۆ جیی.
- Recruitment agency search ئاژانسی گەڕانی ئیش و کارەکان

دیسا دەتوانی لە ئیش و کارەکانی بڕیستۆڵ بگەڕی لەسەر ئەنتەرنیت بەنۆسینی ' jobs in Bristol' بۆ زوور ئیش و کاری دیکە.



ڕۆژنامەکانی ناوخۆیی

هەروەها لە ڕۆژنامەکانی ناوچەکەش ئیش و کارەکان تێدا بەڵاو دەکرێن. دەتوانی ڕۆژنامەکان لە ڕۆژنامەفرۆشەکان و فرۆشگاکان بکڕی. ڕۆژنامەی تایبەت بە ناوچەی بڕیستۆل، بریستۆڵ پۆست (the Bristol Post).

هەروەها ڕۆژنامەکانی ناوچەکان لەسەر ئەنترنیتیش دەبێنرێن، تکایە سەیری لینکی لاخۆار بکە بۆ تەماشەکردنی ڕۆژنامەکانی لۆکال (خۆ جیی).
- Bristol Post بڕیستۆل پۆست
- Bath Chronicle باس کرۆنیکڵ

سەرچاوەکانی دیکەی تایبەت بە بەڵاوکردنی ئیش و کار



سەنتەرەکانی ئیش و کار **Job Centres**

سەنتەرەکانی ئیش (Job centres) دەتوانن یارمەتیدان بدەن بۆ دۆزینی ئیش و کار و هەروەها بۆ فێربۆنی زمانی ئنگلیزی.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە سەنتەرەکانی ئیش، تکایە سەیری لینکەکانی لە خۆار بکە

- Find Your Local Job Centre چۆنیەتی دۆزینی سەنتەری ئیش و کاری ناوچەکەتان
- Job search گەڕان بۆ ئیش و کار

خۆبەخشیکردن ئەوەیە کە کەسێك ئیش دەکات بۆ ڕێخراوێك بەخۆرایی و بەبێ پارە. خەڵکی خۆبەخش ئیشی خۆبەخش دەکەن و بە خۆرایی بۆ مەبەستی:

- باشکردنی ئەزموونەکەیان و گەشەکردنی شارەزایەتی خۆیان
- بۆ ئەوەی زمانی ئنگلیزیەکەیان باش بێت و هەروەها هاوڕێ تازە درۆست کەن
- و هەروەها بۆ هاوکاریکردنی خەڵکی کۆمەڵگەکەیان

زوور دەرفەتەکانی ئیشی خۆبەخش لە بڕیستۆڵ هەن. لە بەشی خوار لیستی ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکان هەیە کە دەتوانن زانیاریەکانی سەبارەت بە دەرفەتەکانی ئیشی خۆبەخشیەکەیان بزانی.

- خۆبەخشی بڕیستۆڵ Volunteer Bristol
- باخچەی ئاژەڵانی بڕیستۆڵ Bristol Zoo
- دۆ ئیت Do-It
- RSPCA

4. ژیان لە شاری بڕیستۆڵ

شوێنی ئاینیەکان

لە شاری بڕیستۆڵ زوور شۆێنی ئایین پەڕێستی هەن، بۆ ئەوەی بتوانی سەردانیان بکە بۆ نوێژ و ئاین پەرستن. لە بەشی لە خۆار لیستێکی تایبەت بە شۆێنەکانی ئاین پەرێستی لە بڕیستۆڵ و هەروەها ئەدرێسەکانیان هەیە.

- شۆێنەکانی ئاین پەرستنPlaces of worship

گواستنەوە

بە پاسەکان - **لە شاری بڕیستۆڵ جەندین هێڵی پاسەکان هەن کە دەتوانن هاتووچو بکەن لە ناو شارەکە.**

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە گواستنەوە و هاتوو چوو بە پاسەکانی گشتی، تکایە تەماشەی لینکی لە خۆار بکە.

- https://travelwest.info/



بە پایسکڵ - **لە شاری بڕیستۆڵ چەندین ڕێگای تایبەت بە هاتوو چوی پایسکلەکان هەن کە دەتوانی بە ئاسانی هاتوو چو بکەی لە بڕیستۆڵ.**



ماپێك (نەخشەیێکی) تایبەت بە هاتوو چوی پایسکلەکان لە شاری بڕیستۆڵ هەیە. تکایە تەماشەی لینکی لە خۆار بکە.

- ڕێگای سۆستڕانی تایبەت بە هاتوو چوی پایسکلەکانSustrans cycle route

بە شەمەندەفڕ - **هەروەها لە بڕیستۆڵ هێڵی باشی شەمەندەفڕەکان هەیە کە ناوچەکانی شارەکە بەیەکەوە دەبەسترێن و هەروەها بۆ هاتوو چۆ لە گەڵ شارەکانی دیکەش.**

- هێڵی شەمەندەفری نیشتیمانی National rail

<u>زمانی گفتوگۆ و قسەکردن لە بڕیستۆڵ و هەروەها گاڵتەخۆشی بەریتانی</u>

خەڵکی بڕیستۆڵ بە شێوەیێکی تایبەت قسە دەکەن کە جیاوازە لە خەڵکی شارەکانی دیکە. لە بەشی خۆار لیستێلی لینکەکان تێدایە کە بە ڕاستەوخۆ دە چیە ناو لاثەڕەکانی تایبەت بە قسەی بەناوبانگی بڕیستۆڵ کە دەڵێت ' گاڵتەخۆشی بەریتانی".

- بۆزفید Buzzfeed
- Born and Bred Bristolian babble
- کەلتۆری بڕیستۆڵ بی بی سیBBC Bristol culture

5. خۆشی و ڕابواردن لە بڕیستۆڵ

ڕەنگە زوور دڵخۆش بن بە گەڕانی دەور و بەری شاری بڕیستۆڵ. ئەم بەشەی کۆتایی زانیاری سەبارەت بە ڕووداوەکانی جیا جیا و هەروەها مۆزەخانەکان و پارکەکان و شۆپینەکانی کە دەتوانی سەردانیان بکەی لە کاتی ژیان دەبەیتە سەرێ یا خۆد لە کاتی ئیش دەکەی لە شاری بڕیستۆڵ.



مۆزەخانە و گالێریەکانی خۆڕایی لە بڕیستۆڵ

شاری بڕیستۆڵ بەناوبانگە بە مۆزەخانە و گالیریەکان کە پێشانی مێژۆ وکەلتۆری ناۆچەکە دەکات و بەبێ بەرامبەر.

لە خۆار لینکێك هەیە کە سەبارەت بە ماڵپەڕی مۆزەخانەکانی شاری بڕیستۆڵە.

- مۆزەخانەکانی بڕیستۆڵ Bristol Museums
- مۆزەخانەی بڕیستۆڵ و گالێری هۆنەری کە بریتیە لە سی قات لە هۆنەر و پیشانگاکانی هۆنەری کە دەتوانی بەخۆرایی سەردانیان بکەی.
- مۆزەخانەی بریستۆل و گالێریەکانی هۆنەریBristol Museum and Art Gallery

- ئیم شێد (M Shed) کە مۆزەخانێکی تایبەتت بە زانیاری سەبارەت بە شۆینەکانی بڕیستۆڵ و هەروەها خەڵکی بڕیستۆڵ و ژیانی بڕیستۆڵ.
- ئیم شێد M Shed

- مۆزەخانەی جۆرجیان هاوز (The Georgian House Museum) کە پیشاندانی ژیانی ئەوسا و هەروەها ماڵی ئەوسا مکات و چۆنیەتی بەڕیوبردنی لە لای جۆرجیەکان (لەبەر 300 ساڵ پێش ئێستا).
- جۆرجیان هاوز Georgian house

- مۆزەخانەی ڕێد لۆج (Red Lodge Museum) کە دەتوانی مێژۆی زیاتر لە 400 ساڵ بێنی.
- مۆزەخانەی ڕێد لۆج Red Lodge Museum

- مۆزەخانەی بلێیز کاسڵ هاوز Blaise Castle House Museum - پێشاندانی یاریەکانی کە لە ڕابردوو خەڵک خەریك بوو و هەروەها جل و بەرگەکانی خەڵک کە لە بەریان دەکرد وهەروەها کە خەڵکەکە خەریکی چی بوو لە ماڵەکانیان.
- مۆزەخانەی بلێیز کاسڵ هاوز Blaise Castle House Museum

- ئۆفیسی تۆماری بڕیستۆڵ Bristol Record Office ماڵێکی تایبەت بە ئەرشیفەکانی بڕیستۆڵ و هەروەها ناۆچەکانی دەوروو بەر لە ڕابردووە.
- ئۆفیسی تۆماری بڕیستۆڵ Bristol Record Office



وێزگەی ڕادیۆی تایبەت بە کەمە نەتەوەکان

.ڕادیوی تایبەت بە کەمە نەتەوەکان سەرچاوێکی گرنگە بۆ ئاگاداری زانیاری سەبارەت بە ناوچەکە

ڕادیۆی ئێف ئێم هی تایبەت ب هکەمەنەتەوەکان Bristol Community FM Radio
http://bcfmradio.com/about-bcfm#

ڕادیۆی یۆجیما Ujima Radio

http://www.ujimaradio.com/



ڕۆێشتنی دەرەوە بۆ خێزانەکان

مۆزەخانەی زانستی بڕیستۆڵ شۆێنێکی دیکەی سەرنجڕاکێشە بۆ سەردانەکان. بەشێوەیێکی پێکەنین زانستەکە دەبێنرێت و بۆ خەڵکی لە هەموو تەمەنەکان. لە مۆزەخانە چەندین ڕێگا هەن بۆ بەدوا .گەڕیانی زانست

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە مۆزەخانەی زانستی بڕیستۆڵ و هەروەها نرخەکی پلێتەکانی، تکایە .تەماشەی لینکی لە خوار بکە

- ئات بڕیستۆڵ At Bristol

هەروەها بڕیستۆڵ ناسراوە بە باخچی ئاژەڵانیش. بەدوا گەڕیان لە باخچی ئەژەڵانی بڕیستۆل بۆ ماوەی .ڕۆژێك ڕەنگە زوور هەژێن و خۆش بێت و هەروەها جێگای دڵخۆشی بێت بۆ خێزانەکان

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە باخچی ئەژەڵانی بڕیستۆل و هەروەها نرخەکی پلێتەکانی، تکایە .تەماشەی لینکی لە خوار بکە

Bristol Zoo باخچەی ئاژەڵانی بڕیستۆڵ

هەروەها چەندین کێڵکە لە دەورو بەری بڕیستۆڵ هەن کە کێڵگەی بچوکی گەڕەکەکانن و هەروەها .کێڵگەکانی گەروەش هەن

ئەم لینکەی لە خوار ڕێپێشانت دەدات بۆ لیستێکی تایبەت بە کێڵگەکانی ناوچەکە و هەروەها زانیاریەکان سەبارەت کێڵگەکان. هەروەها بە ڕێگای لینکەکە دەتوانی بزانی چی شتی دیکەی سەرنج .ڕاکێش لە بڕیستۆڵ هەیە بۆ خێزانەکان

- کیلگەکانی ناوچەکە Local farms

چەندین سەنتەرەکان بۆ کاتی خۆشی و وەرزەش لە ناوچەکانی بریستۆڵ هەن. لە سەنتەرەکانی خۆشی و وەرزەش دەتوانی ڕاهێنان و وەرزەش بکەی.

- سەنتەرەکانی خۆشی و وەرزەش لە بریستۆڵ Leisure centres in Bristol



چەندین پارك و شوێناکنی یاری منداڵان لە بریستۆڵ و ناوچەکانی هەن. زوور لە پارکەکان زەوی گەورە هەن و هەروەها شوێنی یاریکردنی منداڵان و هەیە و لە چەند پارکەکان گۆم و ڕووبار هەن. هەموو پارکەکان کراوەن لە هەموو وەرزەکانی سال و هەروەها خۆڕایین. ڕەنگە لە پارکەکی تایبەت بە ناوچەکەت ڕووداەکان لە هەموو کاتەکانی ساڵ بەڕێوەدەچن.

بۆ لیستی پارکەکانی لۆکاڵی نێزیکی ئێوە تکایە تەماشەی لینکی لە خوار بکە.

- پارکەکانی لۆکاڵ (ناوچەکە) Local Parks



شوێنەکانی تایبەت بە هاوکاری

زوور تیمی وەرزەشی لە بریستۆڵ هەن کە لە تیمی گەڕەکەکان تا تیمەکانی گەورەی وەرزەشی وەکو تیمی دووگۆڵی بریستۆڵ.

دوو یاریگای سەرەکی هی وەرزەشی لە بریستۆڵ هەن: ستادیۆمی (یاریگای) ئاشتۆن گێیت (Ashton Gate Stadium) و ستادیۆمی (یاریگای) مێمۆریاڵی بریستۆڵ. هەردوو ستادیۆمەکان چاڵاکی و یاریەکانی جیا جیا پێشوازی دکەن بەدرێژایی ساڵ، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕووداوەکان لە هەردوو ستادیۆمەکان ئەنجام دەدرێن و هەروەها زانیاری سەبارەت بە نرخی پلێتەکان، تکایە تەماشەی لینکی لە خوار بکە.

- ستادیۆمی (یاریگای) ئاشتۆن گێیت Ashton Gate Stadium
- ستادیۆمی (یاریگای) مێمۆریاڵ The Memorial Stadium



گەشت و پیاسە

ڕۆیشتن و پیاسە لە ناو شاری بڕیستۆڵ، هاوکاریت دەکات بۆ جێگیر کردن و هەروەها بۆ ئەوەی زیاتر شارەزانی شارەکە بی. دەرفەتی خۆش بۆ بینینی بڕیستۆڵ ئەوەیە ئاوایەکانی گرنگ و سەرەنج ڕاکێش و هەروەها شۆێنە نیشانەکان دێنە بەر چاوت و هەروەها زیاتر لە مێژوی شاری بڕیستۆڵ شارەزا دەبێ.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە گەشت و پیاسە لە شاری بڕیستۆڵڵ، تکایە تەماشەی لینکی لە خوار بکە.

- خۆڵی گەڕانی خۆڕایی لە شاری بڕیستۆڵ Bristol free walking tour
- هەوڵی پاشماوەی شاری کۆنی بڕیستۆڵ Bristol old city heritage trial
- خۆڵ و سەردانی شۆێناکانی گرنگ Sightseeing and tours

ڕێگای دیکەی بەدوا گەڕانی شاری بڕیستۆڵ و شوێنە سەرنج ڕاکێشەکانی ئەوەیە بە گەشتەکانی بە پاسی کراوە. گەشتی پاسی کراوەی بڕیستۆڵ، گەشتێکە کە نیزیکی کاتژمێرێك و نیو دەخاوێنێت کە لە چەندین شۆێنی سەرنج ڕاکێشی بڕیستۆڵ تێ دە پەڕێت. دەتوانێ بەسەرهاتێکی خۆش لە گەشتی پاسی کراوە ببەتە سەر و دەتوانی لە قاتی سەرۆی پاسەکە دانیشی بۆ ئەوە شۆێنەکانی سەرەنج ڕاکێش باش ببێنی و هەروەها دەتوانی لە شۆێناکانی وەستان دابەزێ و پاشان سۆاری پاسەکە بێ کە ئامادەی.

- گەشتەکانی پاسی کراوەی بێنینی بڕیستۆڵBristol Insight Tour Bus



ڕووداوەکان

زوور ڕووداو و چاڵاکی لە شاری بڕیستۆڵ ئەنجام دەدرێن لە درێژی ساڵەوە. بە تێکەڵاوبوون لە گەڵ چاڵاکی و ڕووداوەکان و ڤیستیڤاڵەکان هەست بە ژیانی خۆشتر لە بڕیستۆڵ دەکەی. دەتوانی ئامادەی زوور لەم ڕووداو و چاڵاکیەکان بێ بە خۆڕاوی.

بۆ زانیاری زیاترە سەبارەتا بە ڕووداوەکانی لە بڕیستۆڵ ئەمجام دەدرێن، تکایە تەماشەی لینکەکانی لە خوار بکە.

- سەردانی بڕیستۆڵ بکە Visit Bristol
- چی لە بریستۆڵ ڕوودەدات؟
- بڕیستۆڵ 24/7
- بڕیستۆڵ پۆست Bristol Post - چی لە بڕیستۆڵ دەبێ؟

چالاکیەکانی کۆمەڵگە

کلیلی هەست کردن بە بۆنی بەشێك لە کۆمەڵگە ئەوەیە تێکەڵاوی بی. لە هەموو گەڕەکەکان سەنتەری کۆمەڵگە هەیە کە چەندین چالاکی و رووداوەکان تێدا ئەنجام دەدرێن. ڕەنگە چەند چالاکی بچۆکی ناوچەکە و هەروەها ڤیستئڤالەکان هەبن کە دەتوانی بەشداریان تێدا بکەی. ئەمە هاوکاریتان دەکات بۆ درۆستکردنی هاوڕێ و هەروەها هەست بە جێگیری کردن لە کۆمەڵگەی ناوچەکەت.



بۆ زانیاری زیاتر و هەروەها هاوکاری سەبارەت بە دۆزینی سەنتەری کۆمەڵگەی تایبەت بە ناوچەکەت تکایە سەیری ئەم لینکەی لە خوار بکە.

- سەنتەری کۆمەڵگەی تایبەت بە ناوچەکەت بدۆزەوە Find your local community centre

---

هێواداربن سوود لەم پەڕتوکنامە بێنیتان و هەروەها هێواداربن سەرکەوتووبن لە هاتنتان بۆ شاری بڕیستۆڵ.